

**دوو شێری باڵدار:** لەکاتی شەڕ و ئامبازبوونی یەکتردا بەرجەستە کراون، ئەم جۆرە دەستکرادنە بەهونەری لوڕستان ناسراون، کە شێوەیەکی ئەفسانەیی و سوریالیییان دراوەتێ.



**کابەی زەردەشت:** ئەو پەرستگایەی کە بە دژنڤیشت – دژنویشت. قەڵای نووسین – کتێبخانەی – کتێبی ئاوێستای ناو دەبەن، ئەو ئاوێستایەی کە گوایە بەئاوی زێڕ لە دوازدە هەزار پێستەگا نووسرابووەوە و ئەسکەندەری مەقدۆنی سووتاندی، هەر لەبەر ئەو ئاوێستا سووتاندنەش بوو کە زەردەشتییەکان بەئەسکەندەرییان دەگوت (لەعنەتی).





**شازادەیەکی میدییەکان:** وێنەیەکی بچووکی قەڵایەکەی خۆی بەدەستەوەیە و بە یەکێکی لە خۆی مەزنتری پیشان دەدا. ئەمەش نیشانەی پێشکەوتنی ئەندازیاری بیناکاری و قەڵاسازییە لەو سەردەمەدا.



**سەرکردەیەکی میدییەکان:** لەوە دەچێ لەم کاتەدا جڵەوی ئەسپێکی بەدەستەوەبێ، بە هەیبەتەوە بەرەو پێش دەڕوا، هەر ئەو جلوبەرگەی لەبەردایە کە لە زۆر وێنەی میدییەکان دووبارە دەبێتەوە، گونجانیکی زۆر لە نێوان کلاو و سەربەرگ و بێلاوە قایشپێچەکەیدا هەیە.